# لەگەڵ خەڵکی بە جوانی قسە بکەن



SANAD

Kr

## زنجیرەی تەحریف و ئیدعا

پێغەمبەری خودا سڵاوی خودای لە سەر بێ فەرمووی: ئەم زانستە لە نێوانی ئەوانەی کە دەمێنن، عادڵەکان و دادوەرەکان هەڵی دەگرن و ئەوە لە تەحریفی توندوتیژەکان و پەیوەندیگەلی ئەهلی باتڵ و تەئویلی جاهیلەکان دەپارێزن[1].

هەندێک لە خاوەنانی ئەفکاری ئینحرافی لە کەلامی خودا وەها تێگەیشتوونە کە هاوەدەنگ لەگەڵ مەنهەجی زانیس میراتی لە سەلەفی ساڵەح نەبووە و لەگەڵ ئامانجەکان و نرخە گەورەکانی وەحی ئیلاهی سازەگار نابێ. ئەوانەن کە هەندێک لەو ئایەتانەی کە پەیوەندی بە کافرەکان نازڵ بوونە، حەملی دەکەنە سەر بسوڵمانان.

لەو ئایەتانەی کە بە جۆری تایبەتی و هەڵاوێر نازڵ بوونە، ئەحکامی گشتی دەدەن و واتاکانی کەلامی خودا تەحریف دەکەن بە جۆرێک کە ببەت بە هۆی رسوخ یان درووس کردنی چەمکگەلێکی هەڵە لە ژیرایەتی و عەقلی عامەی بسوڵمانان کە لە ئیسلامدا نیە.

لە لابەلای ئەم زنجیرە بابەتانە بە تەحریفی مانعاکانی ئایەکانی قورئانی پیرۆز کە لە لایەنی خاوەنەکانی ئەفکاری مونحەریفە و بەربڵاو جیاوازی لە تێگەیشتنی پێغەمبەری خۆشەویست و ئەسحابی بەنرخ و شەرێعەتی غەرا ئاشنا دەبینەوە.

١ - حەدیسی بەناوبانگی صححه ابن عبدالبر، روی عن احمد بن حبيل انه قال : هو حديث صحيح

DAR AL FAQIH
دار الفقيه للنشر والتوزيع
PUBLICATION & DISTRIBUTION

SANAD

www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork
instagram.com/sanadnetwork

لە ئیمامی باقر ڕیوایەت کراوە کە لە تەفسیری ئەم ئایەتە وتوویەتی: لەگەڵ ئەوانەدا بە جۆرێک قسە بکەن کە خۆشتان دەوێ ئەوان لەگەڵ ئێوە قسە بکەن. (تفسیر زادالمسیر ابن جوزي)

هەندێک لە سەلەف سڵام کردن بە ئەهلی کتێب و غەیری بسوڵمانیان بە ڕەوا نەزانیوە و عولەما ئەوانەیان موجاب کردووە و وتوویانە: مەبەست لە ئایەتی: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ سڵام کردنە. (تفسیر ابن کثیر)

بۆیە، ئایەتی: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ بریتیە لە تەواوی قسە باشەکان و لەسەر جۆرێکی تایبەتمەند مونحەسیر نیە.

### حوسنی ئەخلاق لە ڕوواڵەت و دەروون

حوسنی ئەخلاق بریتیە لە ئەو بڕەی کە مرۆڤ دەتوانێ لەگەل خەڵکی بە جوانی ڕەفتار بکات و دەبێ ئەم ئەخلاق و وتارە جوانە لە دەروونی قەلبەوە سەرچاوە بگرێ و نە ئەوەی کە بە کورتی و عادەت بێ. چونکە لە کاتێکدا کەسێکی بسوڵمان لەگەڵ کەسێکدا بە جوانی قسە دەکات، بۆ ئەوانە خێر و چاکیەتی لە دڵیدایە و ئەمە بنەمای خۆشڕەفتاری و ئەخلاقی جوانە. (تەفسیری ابن عاشور).

پێغەمبەری خودا فەرمووی: « هەرگیز ئێوە نابن بە ئیماندار هەتاکوو ئەو کاتەی کە ئەوەتان بۆ خۆتان خۆش بوێ کە بۆ براکەی خۆتان خۆشتان دەوێ.) (بخاری و مسلم)

بۆیە، لە کاتێکدا لە تەوانی خەڵکی دا نیە کە لەگەڵ مرۆڤ بە جوانی ڕەفتار بکات، خودا دەسووری داوە تا لەگەڵ ئەوانە بە جوانی قسە بکات و چون مرۆڤ ناتوانێ یارمەتی تەواوی مرۆڤەکانی تر بدات، لە لایەنی کەمەوە، لە کرداری چاک و قسەی جوان و ئامۆژاری دەریغ نەکات. (تفسیر بقاعی).

### پەیوەندی دەسوور بۆ قسەی چاک لەگەڵ فێرکاریەکانی ئەم ئایەتە چیە؟

برای خۆشەویست لەگەڵ ئێمە سەرنج شێوازی ئەم ئایەتە بدە: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مِّعْرِضُونَ﴾[بقره: ٨٣] واتە: « لەو کاتەدا کە لە بەنی ئیسرائیل عەهدمان وەرگرت کە غەیر لە خودا نەپەرەستن و چاکی بکەن لە حەقی باوک و دایک و یارمەتی هەتیوان و هەژاران بدەن و لەگەڵ خەڵکی (بە زمانێکی) خۆشەوە قسە بکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، لەو کاتە بوو کە جگە لە لایەنێکی کەم زۆربەیان ڕوویان وەرگێڕاوە.»



**ئەم ئایەتە بابەتەکانی ژێری لەگەڵ بەنی ئیسرایل گرێبەست کردووە:**

- تەوحیدی الله لە عیبادەت
- ئێحسانی بە قسە و کردار لە گەڵ (باوک و دایک، خزمەکان، هەتیمان و هەژاران)
- بەجوانی و چاکی قسە کردن لەگەڵ هەموو خەڵکی
- نوێژ کردن و زەکات دان.

ئینجا بوو کە خودا لە هەموویان ڕەخنەی گرت و لە پابەند بوون بەم میساقە ئێعرازیان کرد و ڕوویان هەڵگێراوە.

**ئێمە عەزەمەت و گەورەیی بانگ کردن لە ئەم ئایەت بە چەندین جەهەتە لێی تێدەگەینن:**

- ئەم تەوجیهە ڕەبانیە ئێحسان و خۆشڕەفتاری قەولی و کرداری پێکەوە خڕ کردووەتهوە.
- خودا ئێحسان و خۆشڕەفتاری زمانی و عەمەلی موقەدەم کردووە لەسەر نوێژ و زەکات، سەرەڕای ئەوهی کە ئەم دوو بنەما لە روکنەکانی ئیسلامن، بۆیە، دەردەکەوێ کە ئێحسان و خۆش ئەخلاقی بنەمای تەواوی ڕێکەوتەکانە کە الله تعالی بەوانە دەسووری داوە.

### بابەتەکە بە کورتی

لە ئەم ئایەتەوە: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ دەردەکەوێ کە :

- ئەم ئایەتە بریتی لە تەواوی خەڵکە و بەتایبەت بو بەردەنگە بەئیمان و چاک کارەکان نیە.
- بریتیە لە تەواوی چەمکەکانی خۆشڕەفتاری و تەنیا مونحەسیر نابێ لە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر.
- تەنیا بەتایبەت بۆ بەنی ئیسرائیل نەبووە و ئۆمەتی ئیسلامیش دەگرێتە بەر.
- بە پتەوی باقیە و مەنسووخ نەکراوە. ..

> هەر برینێک دەوایەکی هەیە
> بجگە لە ئەخلاقی خراپ کە دەوای نیە.
>
> علي بن أبي طالب كَرَّمَ ٱللهُ وَجْهَهُ



Deviance_Isssue_05_Kr_PRINT.indd 4
01/01/18 22:38

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين

خودا دەفەرموێ:

﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴾. [بقره: ٨٣] واتە: « ئەو کاتەی کە لە بەنی ئیسرایل گرێبەستێکی پتەومان وەرگرت کە غەیر لە خودا نەپەرەستن و لەگەڵ باوک و دایک، خزمەکان و فەقیران و هەژاران بە چاکی کردار بکەن وە لەگەڵ خەڵکی بە (بە زمانی) خۆش قسە بکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، لەوکاتەدا جگە لە گرووپێکی کەمینە هەموو ڕوویان وەرگێڕایەوە..»

## یەگانەگی خولق و ئەرزشەکان

ئەخلاق دۆخێکی ڕەگدار لە دەروونە و کە لە ئەوەوە ئەفعال و ئەقوالی بێ فکر و ئەندیشە دەردەچێ.
و ئەخلاقی باش ئەرزشێکی ئینسانیە کە هەموو دینەکان داوایان لە خەڵک کردووە بۆ هەوڵدان بەرەو ئەخلاق.
باشن بوونی ئەخلاق تایبەتمەندیەکە کە بە سرۆشتی مرۆڤەوە پەیوەندی هەیە.
بنەماکان و ئەرزشەکان، مەسەلەگەلێکی سابتن و قابل جیاوازی نین و شوێن و ڕەگەز ناناسن.

**ئەگەر ڕاستەقینەی مەسەلەیەکە وەهایە، ئەی بۆ ئام بابەتانەی خوارەوە دەبینین؟**

بەڕاستی خوارەو کەوتن و شکستی مەترسیداری ئەخلاقی کە ئەمڕۆ ئێمە لەگەڵ ئەوە دەس و پەنجە نەرم ئەکەین لە مەنزوومەی ئەخلاقێکە کە هەموو ئایینەکانی ئاسمانی داوایان لە مرۆڤ کردووە کە بەرەو ئەوە پێش بڕوا و ناکۆکی ڕەوانی لە تەرازووی سفەتی ئەخلاق پەیوەندی هەیە لەگەڵ فیترەت و سرۆشتی مرۆڤ کە لە ئەحکامەکەیدا شوێن و ڕەگەز ناناسێت، لەحاڵێکدا کە ئەمڕۆ بووەتە هۆکاری شێواندنی سوباتی ئەرزشە زمانی و کرداریەکان لە کیانی کۆمەڵگان بریتی لە کەس بە تەنیایی و گرووپ.

- هەمووی ئەم بابەتانە لە ئێمە داوا ئەکەن بۆ ئێستانن و وڵام دانەوە بە چەن پرسیار کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو ئایەتەی سەرەوە.ئایا بەردەنگی ئەم ئایەتە تەنیا بەنی ئیسرایلە، یا بەو جۆرەی کە عیدەیەک ئیدعایان کردووە بریتی دەبێت لەئەم ئۆممەتیشە؟ ئایا ئایەتەکانی شمشێر ئەم ئایەتەی مەنسووخ کردووە یان ئەم ئایەتە لە ئایەتە موحکەمەکانە؟
- مەبەست لە (ناس=خەڵک) لە ئەم ئایەتەدا چ کەسانێکن؟
- مەبەست بلە سرۆشتی پاک لەئەم ئایەتەدا چیە؟
- پەیوەندی دەسوور بۆ قسەی چاک لەگەڵ تەعالیمی خودی ئەم ئایەتە چیە؟



## بەردەنگی ئەم ئایەتە چ کەسانێکن؟

لە سیاقی ئایەتەکەوە بەڕوونی وەها تێ ئەگەیندرێت کە ئەو فێرکاریانەی کە لەئەم ئایەتەدا هەن، تەوجیهەکانی لە شەریعەتی ئیسلامی بۆ ئێمە سابت دەکا؛ هەروەها کە خودا ئێمەی بە تەوحید و خۆشڕەفتاری لەگەڵ باوک و دایک، خزمەکان، هەتیوەکان، مسکینەکان و هەروەها نوێژ و زەکات بانگ دەکات. هەروەها بە ئێمە دەسوور دەدا کە لەگەڵ خەڵک بە باشی قسە بکەین، دەی چۆن درووسە کە ئەم ئایەتە تایبەتمەند بە بەنی ئیسرایل بێت؟

بۆیە لە ڕوانگەی شەرعەوە بۆی نیە کە ئەخلاق و کرداری باش تایبەتمەندی بەنی ئیسرایلە و جێگایەکی نیە لە شەرێکی پاک و خاوێنی ئیسلام کە کۆتایی دەری دینە ئاسمانیەکانە؛ هەر وەها کە دابین کردنی ئەخلاق و نرخەکان لە جیگای نەسخ یان گۆڕانکاری مەسەلەیەکی غەیری موومکینە، چونکە ئەم بابەتانە لە مەسەلە سابتەکانی سرۆشتی سەلیمی ئینسانن. بە تایبەت ئەوەی کە پێغەمەر فەرموویەتی:

«من مەبعوس بوومە بۆ ئەوەی کە مەکارمی ئەخلاق بە پایەی ئاخر بگەیەنم.» (مسند بزار: ٣٦٤/١٥).

لەعەینی حال ئیمام فەخری ڕازی لە تەفسیری کەبیر و ابن حبان اندلی لە بحر الحیط دەلیەکانی قورئان ناو دەبات کە بریتی بوونی ئەم ئاوێزە بە نرخانە بۆ ئۆممەتی موحەممەد و بەقای ئەوان بە بێ نەسخ کردن دووپات دەکاتەوە. هەروەها کە ئەم دوو ئەندیشمەندە وتوویانە: ابوجعفرف محمد باقر بۆچوونی وەها بووە کە ئەم گشتگیری ئایەتە بەنا بە ڕووالەتەکەی باقیە و پێویستە بە تایبەتمەندی نیە و ئەم ڕوانگەیە بەهێزترە. (تفسیر رازی و بحر المحیط) و دەلیلی ئەوە کە موسی و هارون سەرەڕای جەلالەت و گەورەیی شەئن و جێگایان بڕیار دراون کە بە نەرمی و ڕەفق لەگەڵ فیرعەون کردار بکەن، و هەروەها پێغەمبەر بڕیاری پێ دراوە کە بە نەرمی و بەبێ توند و تیژی ڕەفتار بکات. خودا دەفەرمووێ: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾ [نحل: ١٢٥] واتە: «بە حیکمەت و ئامۆژاریەکی چاکەوە خەڵک بانگ بکە بۆ لایەنی پەروەدگارەکەت..»

﴿وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾[انعام: ١٠٨] واتە: «وە ئەوانەی کە هاوار ئەکەن لەغەیری خودا، جنێویان پێ مەدەن هەتاکوو ئەوانیش لەڕوی دژایەتیە و نادانیەوە بە خوداکەی ئێوە جنێو نەدەن.»

ئیمکانی نیە کە ئەخلاق و ئەرزشەکان لە مەحەلی نەسخ و گۆڕانکاری بزانین لە حاڵێکدا ئەم دوو بابەتە لە ئەمرە سابتەکانی سرۆشتی سەلیمن.

﴿وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾[فرقان: ٧٢] واتە: «ئەوانە کەسێکن کە لەکاتی



ڕووبەڕوویی لەگەڵ قسەی خراپدا بە گەورەیی خۆیان ئەگوزەرن.»

﴿وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾[اعراف: ١٩٩] واتە: «ڕووت هەڵگەرێنەوە لە نەزانەکان.»

ابن عجیبە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتوویەتی: هەر گرێبەستێک کە لەگەڵ بەنی ئیسرایل کراوە: هەر ئەو عەهدە لە ئۆممەتی موحەممەدیش گیراوە. وە ئەمەیە حیکمەتی هاوردنەوەی داستانەکانی ئەوان و باس کردن لە خراپیەکانیان لە قورئان تاکوو ئێمە پارێز بکەین لە کەوتن بە ناوی ئەو گرفتانە، نەکا ئێمەیش وەکوو ئەوان هەلاک بووین. (تفسیر ابن عجیبە)

کۆمەڵی موفەسیرەکان لەسەر ئەم بڕوانە کە ئەم فێرکاریانە بریتی ئۆممەتی موحەممەد دەبن وە بەردەوامن و کۆن نەبوونە.

ئالووسی وتوویەتی: هەرکەس بڵێت: بەردەنگی ئەم ئایەتانە ئۆممەتی ئیسلامە و وتەی پتەو ئەمەیە کە یان ئەم ئایەتانەی جەهاد مەنسوخ بوونە یان مەبەست لە (خەڵکی لەم ئایەتەدا) پیاوچاکانی ئۆممەتن، چونکە بە چاکی قسە کردن لەگەڵ کافرەکان و فاسقەکان درووس نیە، چونکە بە ئێمە دەسوور دراوە کە لەعنەتیان بکەین و ڕەخنەیان لێ بگرین و لەگەڵ ئەوانەدا شەڕ بکەین، کەسێکی ئاوا لە ڕێگای ڕاستەقینە دوور بووەتەوە. (تفسیر روح المعانی)

## مەبەست لە (ناس= خەڵک) لەم ئایەتەدا چ کەسانێکن؟

ئەم ئایەتە پیرۆزە لە گرێبەستی گشتی قسە دەکات کە خودا ئەوەی لە بەنی ئیسرائیل گرتووە و پێشتر لەسەری لێکۆڵینەوە کرا کە گرووپێک ئینکاریان کردووە و بڕوایان وایە کە ئیلتزام بە ئەرزشەکان تایبەتمەند بە گەلێکی دیاریکراو و ڕەگەزێکی تایبەتمەند نیە، پابەند بوون بە نرخەکان لە کاتێکدا لەسەر ئێمە واجبە کە مرۆڤ لەگەڵ کەسەکان و هاوئایینەکانی خۆی تەعامول دەکات و بۆ مرۆڤ جایزە کە لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە غەیری هاو ئایینین لەگەڵی کردار و تەعامول دەکات، لەسەر بنەماکان و ئەرزشەکان پابەند نەمێنێ. هەروەها کە خودا فەرموویەتی: ﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [آل عمران:٧٥ – ٧٦] واتە: «لە ئەهلی کتێب کەسێک هەیە کە ئەگەر ئەو بە ئەمانەتدار بزانی لەسەر ماڵێکی زۆر، دەیگەڕێنێتەوە بۆ تۆ، و لە ئەوانە کەسانێک هەن کە تەنانەت ئەگەر بە ئەمانەتداری بزانی لەسەر دینارێک ئەوە لە تۆ قبووڵ ناکات مەگەر ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە سەر سەری ڕاوەستی، ئەمە بەو بۆنەوەیە کە (ئەوانە لە ڕووانگەی خۆیانەوە) ووتویانە سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە کتێبی ئاسمانیان نیە کە هیچ کەس ناتوانێ زەرەرێک بە ئێمە بگەیەنێ و بە خودا درۆ دەبەستن لە حاڵێکدا خۆیشیان دەزانن* ئەرێ بەڕاستی کە هەرکەس بە گرێبەستەکهی



خۆی وەفا بکات و پارێزگاری بکات، بێگومان خودا پارێزکارانی زۆر خۆش دەوێ.»

بۆیە، چۆن ڕەوایە کە خودا لە ئەوان پەیمانێک وەربگرێ کە تێگەیشتن لەو پەیمانە ئەوە بێ کە ئەم جۆرە ئەخلاق و نرخانە تایبەتمەند بە جێگایەکی دیاریکراوە؟

بۆیە لە ئەم ئایەتە ڕوون دەبێتەوە کە مەبەست لە ئایەتەکە خەڵکە بە گشتین و بە بنەما و نرخەکانی ڕەگەز و مەکانێکی تایبەتمەند پەیوەندی نیە و ئەو کەسانەی کە ووتیان: ئەمە فەرمانی خودایە و تەواوی خەلکی دەگرێت، بریتین لە:

حەزرەتی علي بن ابيطالب، امام محمد بن باقر، عطاء بن ابي رباح، آنگونە کە سیوطي در درمنثور نقل کرده است و دیدگاه شیخ مفسران ابن جریر طبري، فخر رازي، ابن كثير، ابن حیان اندلسي، قرطبي، ماوردي، صاوي، بروسي، بقاعي و ابن عاشور لە تەفسیرەکەیانیشدا هەروا هاتووە.

چەندە ئێمە پێویستمان هەیە تاکوو بە ئەم ڕستەیەی علاقمە قرطبی لە تەفسیری ئەم ئایەتە بگەینن کە فەرمووی: «بو مرۆڤ شیاوە کە قسە کردنی لە بەرامبەر خەڵکی نەرم و ڕووالەتی لە بەرامبەر هەر کەسێکی چاکەکار و خراپکار، ئەهلی سوننەت یان بیدعەت بە بێ موداهینە بێت.»

بۆیە، ئایەتی: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ تەواوی خەڵک دەگرێت.

## مەبەست لە ئەخلاقی باش چیە؟

لە شێوازی ئەم ئایەتهوە وەها دەر دەکەوێ کە گشت گیری و شموولی چاکە بوونی ڕەفتار دەبێ بۆ هەمو یەکسان بێت و بۆ کەسانێکی بە تایبەت نەبێف چونکە ئەم جۆرە دیاری کردنە کە بریتی لە وتار و کردار بێت سەبارەت بە دایک و باوک، هەتیوەکان و هەژارەکان، باش دەرنایەت کە کە مەسەلەیەکی گشتی بە تایبەتمەند بزانین.

ئەو ڕەوایەتانەی کە لە ئیبن عەباس هاتووە کە ئەم واتە تایبەتمەندەی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمە حافظ ابن کثیر لێکۆڵینەوەی هەبووە کە تەفسیری هەندێک سەبارەت بە وشەی (حسن) کە ئەو وشە تایبەتمەند دەکات، گشتگیری واتاکەی ئەو وشە لانابات و لەگەڵ ئەوەشدا دەرواتە واوی. واتە. لەگەڵ ئەوانەدا بە باشی قسە بکەن و لە بەرامبەر ئەوانا بە نەرمی ڕەفتار بکەن. کە لە نێوانیدا ئەمر بە چاکە هەیە، هەر وەها کە حسن بصری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتوویەتی: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ واتە: مەبەست لە قسەی باش، ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر، حیلم و سەبووری، لێبووردن و گوزەشت و وتنی قسەی باش لەگەڵ خەڵک، هەروەها کە خودای تەعالا فەرموویەتی و ئەمە بریتی هەر ئەخلاقێکی چاک و ڕەزایەت بەخش دەبێت.

ئەحنەف کوڕی قەیس دەڵێ: ئایەکوو هەواڵ نەدەمە ئێوە لە خراپترینی دەواکان؟ ئەوانیش وەڵام داوە: بەڵێ، ئەویش ووتی: ئەخلاقی باش و زمان جنێوفرۆش



Deviance_Isssue_05_Kr_PRINT.indd 5-8
01/01/18 22:38